**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار:٢٣**
**مێژووی بڕیار:٩/ ١٠/ ١٩٩٤**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی «١» لەمادده «٥٦»ی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەدانیشتنی رۆژی ٩/ ١٠/ ١٩٩٤ی دا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا.

یەکەم: بڕوانامەی زانستی کە دراوە بە زانای ئایینی لەلایەن زانایەک کە وەزارەتی ئەوقاف بڕوای پێیەتی، یەکساندەکرێ بەبڕوا نامەی دەرچووی (ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی)ی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

دووەم: ئەنجوومەنی زانستی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بەمەبەستی یەکسانی کردنی بڕوانامەکان، تاقی کردنەوەیەکی ئوسوولی خاوەنی ئەو بڕوانامانە دەکات.

سێیەم: بەهیچ دەقێکی دیکە کارناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا نەگونجێ.

چوارەم: لەسەر وەزیرەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**